بۆ ملیۆنان نمەئاوی قەتیس کە یەکتریان گرت و بوونە دڵۆپ ، رێچکەیان بەست و بوونە شەتاو، جۆبارو روبار و چۆمیان کردبە یەک و بوونە دەریا و رومای جیهانیان گۆڕی.
جیهان سەرسام لە ئەفسانەیەکی کەون و خەونێک کە لە سەدەی بیست و یەکدا بوو بە حەقیقەت: پێشمەرگەی کورد هەزار هەزار یەکیان گرت، دێوەزمەی سەربڕی جیهان تۆقێنان تاراند. عالەم ، وتەی پیری ژیری بوێری کوردی بیست کە گوتبووی: شێرۆ باوەرت بە پەنجەکانی خۆت بێ، پیاوچاکان یارمەتیت ناکەن!
ئەو بە کوردیی کراوە چەشن شێعرەی" احسان طبری" زمانی حاڵی ئەو بزووتنەوە مەزنەی ئیستای کوردە کە بۆ سپاسوێژیی لە، بەڕێوەبەرانی بوێر، بیرمەندو حەکیمی کوردستان، لە دایکان و باوکانی کورد کە رۆڵەکانیان مێژووی کوردیان بە خوێنی پیرۆزی خۆیان نووسی. وەفادارانی گەل ئەفسانەیان وەراست گێرا. ئەمە چیرۆکی ژیانی تاک و کۆی کوردە بۆ سپاس لە دایکان و باوکانی جیلی نوێ و خولقاندنی جیهانێکی نوێ بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان

Vertraue der Pranke Loeve , die Heiligen werden dir nicht helfen

شێرۆ! باوەڕت بە پەنجەکانی خۆت بێ، پیاوچاکان یارمەتیت ناکەن
نووسینی: ئێحسان تەبەری
وەرگێر : حەسەن ئەیوب زادە (گۆران)

**دەریا، دەریا**

لە نزیك بنچکە دارێکی لە گوڵداخەمڵیو و لە زنجیرە چیایەکی پۆڵارەنگ کە بە بەرزاییەکەیەوە پەڵەهەوری مەرمەڕی ڕادەبران، نمێك لە تاشەبەردێك داچۆڕا. دڵۆپێکی تەڕوتازە، ڕێیەکی دووری بڕیبوو و بە نێوان چینی قڕوقەپکردووی کڕومات بەرەو ژوور خۆی ڕکێش کردبوو. ئەم خۆ دەربازکردنە لە زیندان، زنجیر و تاشەبەردی ژێر زەوی بۆ دڵۆپە نم زۆر دژوار بوو. ئەو کاتە کە جیهان رووناکە، تەژی لە جریوە، جیکە، هۆهۆ و شڵپە شڵپە، ئەو جیهانەی کە داوێنی ئەڵماسی رەنگی ئاسمان بەسەری کشا بێ، لەو جیهانەدا خۆکێشان بەرەو رۆژ چ خۆشە!
نمەئاو لەبەرخۆیەوە: " ئاخ چ بێ سنوور و کەوشن! دڵنیام براگەلم بە دوامدا دێن."
تیشکی شمشێراسای زمان تینوو، جەستەی تراوی نمیان لستەوە. لەوانە بوو دڵۆپەی دانەچۆراوی دیکە نەگەنێ و ئەو لە کورەی ئاسماندا ببێتە هەڵم و نەمێنێ.
نمەئاو لالایەوە " نا! نا! نەگەرەکمە . دەمەوێ وەمێنم..." لەو جیهانە سەیرو سەمەرەدا هەبوونم دەوێ، هەبوون!"
بنچکی لەگوڵدا خەمڵیو ئاخفی: " نمە! هۆی نمە! بەرەو نسێی من خۆت رکێش کە ! ئێرە خۆشە، نسێیە و بۆن خۆش، دەنا گەرما هەڵتدەلووشێ. "
نمە سوپاسی کرد و خۆی بۆ ژێر سێبەری بنچکەدار رکێش کرد. ئاخ! لەو خۆشییە !
لە بێژنگی بە گەڵا چنراوی بنچکە دارەوە، تیرێژگەلێ رێیان تێی دەکەوت. ئەمانە بەگڕ و گازگر نەبوون. زۆری نەخایاند، دڵۆپی دیکە لە مەنجەڵی بەرەبەیانەوە هەڵقوڵین. نمە، پشتیوانی بۆ پەیدا بوو. وێکڕا قوڵکە بەردێکی نالەباریان پرکرد کە بنچکە دارێك نسێی خۆی وەسەر کێشابوو. ئاوێکی بێخەوش، زوڵاڵ و چایگ وەکو فرمێسکی چاو، ئاوێنە ئاسایی بە تریفە و لە ماڵۆچکەی

زێوینیدا دیمەنی رازاوەێ جیهان شۆقی دەدایەوە خزایە دەرەوە: ئەو لوتکە دوورە، ئەو هەورە پاییزییە، ئەو گیا پرچنە لەرزۆکە ... هەموو لەو ئاوینەیەدا شۆقیان دەدایەوە.

دڵۆپەیل* دەماودەم و بەدوای یەکتردا دەگەیشتنێ. هەموو بەدیتنی ئەم جیهانە وەشۆق دەهاتن و دەیانقریواند. تاقمێك کرمە کوێرەی ژێر زەوی، پێیان گوتبوون: ژیکەڵەیل! نەکا پێ بنێنە سەر زەوی. ئەوێ مەحشرێکی سەیرە. مان و نەمانتان بەخۆتان نییە. ئەم کۆشکە ژێر زەویانە چایگ و نسێ دار و پارێزراون. نە بۆرانێکە و نە بارانێ ، نە مەترسی بوون بە هەڵم و نە بوون بەسەهۆڵ. بەرەکەتێکیش بە ئێمە دەگەیەنن.

دڵۆپە کردیان بە هەرا: قسەی هاتەران پاتەران بۆ دەکەن! ئێمە لەو بێ هەواو تاریکاییەدا خنکاین. هەوامان گەرەکە.

سەرەتای مانگی گوڵان بوو. مەگەر کەسێك دەیتوانی کەرەوس ، کەنگر ، پنگ ، تەرخون ، گەزگەزك، چقڵ، گوێنی و هەزاران گیای دیکە نێودێر بکا؟ ! چەند جۆر مێش و مێشە هەنگی زێرین لە تریفە دا وزەوزیان بوو ! زنجیرەی کۆسار چ شکۆدار بوو. کۆسار بە پەلکە زێرینەی جادوگەرانەی خۆیەوە، هەورگەل بە بیچم و پەراوێزی سەیر و سەمەرەیانەوە، لەخۆبایی، بە رەوتی نەرمیانەوە، بە ئاسمانێکەوە کە رەنگی وەکو پیرۆزەیە و لەبەر سافی و ساماڵیی دڵرفێنە. ئاسکێك لە لایەك نەعرەتەی لێدەدا، گوڵە تەتەر بە بێ خەیاڵیی بوونەوەرێکی ئەبەدیی لە هەڵپەرکێیی سروەدا بەرێوە بوو. کەروێشکێك بێ پارێز لە تەنیشت بنچکە تووترکێک گوێی ئاوریشمینی دەلەقاند.

گچکە کانیاو لە ژێر بنچکۆڵەیەکدا بەدەم هەموانەوە پێدەکەنی. تیشك راموسانی کۆساری دەکرد و ماچی بە هەودا دەڕەتاند. کاروانی نمەئاو لەڕێدا و سەریان هەڵدەدا. رۆرژانی کانی لە لوولەی باریکی چەشن شووشەی بەردەوە دەستی پێکرد:

چۆڕەچۆڕ! چۆڕەچۆڕ!

بنچکەدار وەقسەهات:" هۆی هاو وڵاتی بۆ کوێ! من تێڕاو نەبووم. کارێکی نەباشم کرد. خێوەتم بەسەردا کێشای تا گچکە خوای گەردوونپێوی رۆژ تۆ بۆ لای خۆی ڕانەکێشێ؟"

کانیاو گوتی: " ئێمە دەڕۆین. ناسرەوین. بە وتەی کرمی ژێرزەویشمان نەکرد. ئێمە رۆیشتنمان خۆش گەرەکە."

جۆگەئاوێکی بێهێز کە بە زەحمەت ویزەویزی دەبیسترا بە نێوان ورتکەبەردی زەرد و سور و شین دا خزی. ئەوەش لە دایك بوونی جۆبار بوو لە جیهاندا. هەموو لەدایك بوونێکیش جەژنێکی شادیهێنەر و بەشکۆیە.

جۆگەلە رازی بوو. هەستی سەفەر هەستێکی خۆش بوو. بە لێوی تەڕی خۆیەوە گژو گیا و گوڵی خۆرسکی رادەمووسی و دەرۆیشت. لەهیچ جێیەک ئۆقرەی نەدەگرت. ئۆقرەنەگرتوویییەکەی، هەڵپەرکێ بوو، شادیی بوو کە دەچزایە نێو لەشی. لەم سندەگڵەوە بەرەو ئەو چەوە . لەو بەرزاییەوە بۆ ئەو نشێوە. لەم نەرمە چەمەنەوە بەرەو قەدی قەڵەشت بردوی هۆو پیرەدارە.

بەرەو پێشتر! پێشتر وپێشتر!

خۆر تێیدا پێدەکەنی و ئیتر نەیدەتوانی تونای بکا. با، ورتکە شەپۆلی وەك حەریری تێدەخست. دار، رووەك، پەرەسێلکە، ریشۆلە و کۆتر خۆیان تێدا دەدی و ئەویش رێی دەبڕی و ڕادەبرا.

شۆق و خولیایی سۆفییانەی سەفەر! هەستی رەهایی و بێ کۆت و بەندیی ! هەستی دۆزینەوەی رێگە! وابووە بەردە رەشێکی روو گرژ لە پێشی دەبووە کۆسپی سەر رێگا: " هۆی! خۆ تێهەلقوتێن بەرەو کوێ دەیکوتی. هەر لەوشوێنەی کە هەی داسەکنێ! "

بەلام کانی پێدەکەنی و سەری لە بەردی روگرژ دەکوتا و لە خۆی دەنووسا. بەردیش تووڕە دەبو: " چەند بە ئیفادە، لە کەللەی داوە!؟ من پێشی مارگەلی ملهورم گرت بەڵام ئەم باریکەڵە لەرزۆکە دەیەوێ هەڵمکەنێ." زۆری نەخایاند، ساتێك پاش، کانیە بەردینی لەخۆبایی بە نوێن و بانی گەرمی بەرینی زەوی دا خلۆر ببۆوە ، ئازاد بەرەو پێش دەخوشی. لەو کێشەیەدا سەرکەوتوو بوو. رێگە کرابۆوە و کۆسپی بە فیزی وەپاش دابوو.

کتوپر کانییە گچکەی رێبوارەکەمان چرپە چرپێکی کەوتە بەرگوێ: " دەنگی ئاشنایە. لە دەنگی سیسرك ناچێ."
لەپڕ چۆڕاوگەیەکی زوڵاڵی دیکە و لەبەدەویدا مینا ئاسمانی شین کە لە ودیوی تیژە بەردێکەوە رۆدەڕژا بانگی ڕاهێشتێ:
" خوشکێ گیان خۆم ئاسایی ، بۆکوێ دەچی؟"
کانی کوتی" لە سەفەردام " توانای مانەوەم لە کون و کەلێنیاندا نەماگە و نیمە"
ئاوی کانی:" ئێ، وەرە با تێکەڵ بین، وێکرا برۆین و بەهێزتر بین."

ئاوی یەکەم کانی:" تۆ نەتدی کە من کوچکی لەخۆ بایی سەر رێگەم چۆن ڕادا . ئێستا چ پێویست بەوە دەکا من و تۆ تێکەڵ بین."
ئاوی دووهەم کانیاو، گوتی :" کاتێك من و تۆ تێکەڵ بین ئیدی باریکە ئاوێك نین. ئەو کاتە رووبارین . رووبار! دەزانی ، ئەوە گرینگە. هەر ئاوێك کە جۆگەو جۆبار نییە."
ئاوی یەکەم کانیاو، ئەو ناوو نیشانە تازە لە گوێخۆشەی زۆر بەدڵ بوو: " جۆبار! چ ناوێکی جوان !"
بەلەز خوشکی لە ئامێزی گرت. هەردوو قدیلکەیان هاتێ و زۆر پێکەنین.
کانیاوی یەکەم : وەی لەشت ساردە!
کانیاوی دووهەم : ' تۆش چ نەرم و گورجی."
شۆلاوگەی جۆبارێکی روون وەرێکەوت.
چەند درێژوکە زەروو لەو شوێنە و لەسەر ئەو خۆڵە پۆتینەیە هەناسە بڕکەیان بوو. هەر کە جۆباریان دی، خۆیان خلۆر کردەوەو شڵپ و هۆڕ کەوتنە نێو ئاوەوە و گوتیان: " ئەی بەخێرهاتی! بەخێر هاتی ! هاتوی ئێمە تێراوکەی! بەڵێ، خاس زارۆکێکی. هەر لێرە و لەو نەرمە گڵەدا قوڵکەیەك دروست بکە، تێیدا وەمێنە تا مەلەت تێدا بکەین. ئێمە ئاومان خۆش گەرەکە. خوێنیشمان خۆش گەرەکە . پێمان خۆشە قەڵەو بین.!"
جۆبار ئەو بوونەوەرە لەش خلیسك و چەپەڵانەی زۆر وەبەر دڵ نەکەوت و گوتی: " ئاخ ! چەپەڵ! ناوی من جۆبارە، تێدەگەی! من نابمە هاوڕێی نەگبەتێکی وەکو تۆ هەرگیز. تۆ پێتخۆشە قەڵەو بی؟ دزێوی ڕیوەڵە !"
جۆبار رێی خۆی گرتە بەرو رۆیشت. هێزی لەشی پەرەی گرتبوو. بە شالاوێك نە هەر خیز بەڵکو بەردیشی ڕادەدا. داربەڕو کە تازە گوڵی وەکو گڕ لەسەر لکەکانییەوە داگیرسابوون، گوتیان:" رێز بۆتۆ ! جۆبار! خووا قەوەت! بەخێر بەرەو کوێ ئۆغربێ؟"
جۆبار " خووا قەوەت ! بۆ من دەزانم؟ جیهان مەزنە. خەیاڵی گەشت و گوزارێک لە مێشکم دایە، سەفەرم پێخۆشە." بێ وەستان و بە شادمانی دەتلایەوە و دەرۆیشت. کتوپڕ سەرەنگرێی دا و رژایە نێو چاڵێکی قوڵ کە نەیتوانی لێی دەرباز بێ . داربەڕوی پیر پێکەنین. چەند شێرەواقەی* خەپەتۆڵەی کەسكڕەنگ لە نێو کۆلکە بەرووان خۆیان لە قوڵکە هاویشت و کەوتنە مەلەکردن و پێکەنین: " باشمان وەدەست خستن! باش وەدەستمان خستن!"

جۆبار خەم دایگرت. چڵپاو و ڕەشاوی ئیشکەوەبوو بە ڕووبەری قوڵکەوە ماسیی بوو و زولالییەکەی خەوشدار دەکرد.
سوبایی* ڕووهەڵماڵاوانەی قورواقان ڕەنگ و بۆی دەگۆڕین.
شێرەواقەیەك پەڕیە سەر خڕە بەردێ کە لە نێوەراستی قۆڕاوەکەدا بوو، ئاخفی:
یای جۆبار! بەختەوەرییە کە هاتییە سەر زەوی من. ئەم قورواقە نارەسەنانەی کە دەبینی لە هۆزی منن و ناوی منیش شێرەواقەی شێرەواقانی لێرەواری بەڕوی کێوی ئەفسونە. بێ خۆبەکەمگرتنی درۆزنانە، دەبێ بەرێزەوە پێتان رابگەیەنم کە من، لە کەسایەتییەکی گرنگ و بایەخداری ئەوتۆم کە زۆری دەوێ تا ئاوەزی ئێوە لەم بابەتە بگا. زۆر ببوورن. من و منالّەکانی من هەموو لەشی ئێوە بە حەریرێکی کەسکی خز دادەپۆشین. تووریژتان دەکەین. دەبینە هەزار و دەهەزار. هەموو لێرەوار کە هیچ هەموو بەردەڵانەکانی دەوروبەر دادەگرین. بەراستی کە بەخت و شانس ڕووی تێکردن!"

جۆبار بایەخێکی بۆ دانەنا. ئاوی بە خوڕەم دەرژایە نێو قوڵکەوە و پڕی کردتا لێی دەباز بوو.
پیرە بەڕو لە خۆشیان پێدەکەنین.
شێرەواقەی شێرەواقان گوتی: " خوشکێ بۆ کوێ ؟ ئاوارە دەبی ئاگادار بە! ئەگەر جێگەیەك لەم جیهانەدا بۆ مانەوە بشێ ئێرەیە."
بەڵام ئاو لەخۆی نووسا و بە سەر قوڵکەدا ڕێی خۆی کردەوە.
پیرە کیسەڵێك کە بە " کیسەڵە ژیرە " نێودێر بوو، بە لارەوەلارەوە لە بن بنچکانەوە خۆی گەیاندە لێواری جۆبارەکە. چۆڕەئاوێکی خواردەوە و گوتی : " نەکا فریوی ئەم قورواقە لەخۆ باییە بێ قیمەتە بخۆی! برۆ! بپشکنە! هەر پشکنینێك دەگاتە شوێنێك. من چەندە هەژارم کە دەست و پێی تۆم نییە. سەرەرای ئەوەش من پیر بووم و وەستاو دەبی وەمێنم.
جۆبارخوات لەگەڵ! هەق پشتیوانت! "
جۆبار: نەنکە کیسەڵ خوا ئاگادارت ! دڵنیا بە لە پشکنین دانامێنم."
شێرەواقە لە پەستا نەعرەتەی لێدا: " ڕاوەستن! هەی نەزانینە! بۆ کوێ؟ کوێ لەم گۆلە باشترە و کێ لەمن و زارۆکی بزۆزی من جوانترە... ڕاوەستن! هۆی بێ ئەمەگینە! "
بەڵام ئاوی زولال بە تەوژمەوە دەهات و وقوڵکەی قورواقانی دەشوت و بە پێکەنینەوە و بە سەرمەقولاتدان و ویرەویرەوە رادەبرا و چ دەربەستی گەف* و خۆ هەڵگلۆفینی* شێرەواقان* نەبوو.
شێرە واقەی قورواقان : " هەیهو ! بێ مانا! ئەمانە بۆ کوێ دەچن؟ بێگومان ئەمانە مێشکیان تێکچووە، لە کەڵەی داون. من لێرە چ کارەم؟ بابرۆم بزانم چ باسە؟"
شێرە واقە بەدوای جۆباردا وەرێکەوت: لەم کۆلکەوە بۆ ئەویتر. لەم بەردەوە بۆ ئەو بەردە. لەنسێی ئەم بنچکەوە خۆی بۆ ئەوی دیکە هەڵدا. چ بازبازۆکێنێك! ئەمە هەر بە شێرەواقە دەکرا. بەر لەوە جۆبار بگاتێ، گەیشتە کانییەکی چکۆلانە کە لە نێوان خڕکە بەردی سپی و ئاوی وەکو ئاوێنەی لە ژێر هەوری ڕۆژدا دەبوو بە هەڵم. تەنکاوێکی شلوێ بوو. شێرەواقە خۆی لە کانیاو هاویشت و گوتی: " تیاح لەو ئاوەچ گەرمە! تۆ لێرە چ دەکەی؟ "
کانیاو گوتی: " بە کانیاوی ڕێنوێن نێودێرکراوم ، چاوەروانی جۆبارم کە لەچیاوە بگاتێ و من لە گەرمای دۆژەیی ئەم خۆرەتاوە رزگارم بکا کە نەکا بزر بێ. چونکە جۆبار لەم بەردەڵانە مەزنەدا لەوانەیە سەری لێبشێوێ و خۆرەتاو هەڵیلووشێ. "
شێرەواقە بە دەنگی گڕ و ماندووەوە گوتی : " باشە، گریمان ڕێت نیشان دان چ دەبێ؟ "

کانیاوی ڕێنوێن بە بزەیەکی کاڵەوە گوتی: " بەراست کە بۆقی  و بەرادەی ماسییەکیش نافامی. ئەگەر برژێنە نێو روبارێ، ئیتر کەوتوونە  کونە ڕزقەوە ، دەچنە ئەو جێگەیەی کە دەبێ بچن. "
شێرەواقە دیسان بە لاسارییەوە گوتی : "  کونە ڕزق" ؟!
مەگەر دەیانەوێ بە کوێ بگەن؟ "
[
کانیاوی ڕێنوێن، خەمناکانە  پێکەنی و گوتی: " قەسەم بە خوا من ئاگادار نیم. دەبێژن لەو دوورە دەریایە. جیهانێك ئاو. دایکی هەموو ئاوان. ئاو کە گەیشتنێ، سواری شەپۆل دەبن و لەگەڵ خۆرەتاو و هەور دەکەونە بەربەرەکانی و سەردەکەون. پاشایەتی ئاو لەوێیە. پێتخۆش بێ بە سەر مرواریی روخی دەریادا ڕاکەی،  پێت خۆش بێ خۆت هەڵدەدەیە نێو کوورایی تاریکایی. کەس پەتی تۆ با نادا."
شێرە واقە بە لاقێکی پشت سەری خوراند و گوتی: " ئاها ! ئێستا تێیگەیشتم. "  پاشان بێ راوەستان لە کانیاوی ڕێنوێنەوە پازی دا سەر بەردێك و لەبەر خۆیەوە گوتی: " من دەزانم چۆن تۆڵە لەو جۆبارە خۆ تێهەڵقوتێنە  بکەمەوە! هەر ئێستا یەکڕاست دەچمە لای دێوەزمەی ملکۆس واتە خوای قات و قڕی و پێی دەڵێم چ پیلانێکیان دژی ئەو وەرێخستووە. ئەو لەسەر تەختی نووستنە  بەلەعنەت بووەکەی پاڵکەوتووە! ئێستا هەر جۆبارێکی چەپەلیش دەیەوی خۆی بگەیەنێتە دەریا. تازە دەریا چ نەفامێکە! ئەویش لەبەرامبەر رەشە دێوێکی وەکو ملکوس ، خوای  قات و قڕی. خوای کێوی بەردین. بەلام لەبەردا با سەرێك بچمە دیداری دەریا. دەستێك بە سەر و رووی خۆم دا بێنم تا دەست و پێوەندەکانی دێوە لە ریزی ئەو بۆقە هیچ و پووچانە دانەنێن. سەرەنجام ئێمە " خاوەن بنەماڵە "ین و سێ دانگی زەویەکانی لێرەواری دار بەڕوو هی ئێمەیە."
 پاز، پاز، پازدان، هەمیسان، شێرەواقە گەیشتەوە قوڵەکەکەی. عابای قەوزەی بەشانی دادا. تاجی قوڕوچڵپاوی ئابنوس رەنگی لەسەر ناو بە زارۆکانی گوت:  " هۆی هۆی! ئێوە سەر مەخەنە سەر ئەم جۆبارە خۆ تێهەڵقوتێنە . من خۆم چاری دەکەم. لێیگەڕێن با بڕوا...""

پیرە داربەرووی گوڵ بەسەر، قاقا پێدەکەنین. یەك بەدوای یەکدا دەیگوت: " ئەم پیرەڵۆکە فشەفش دەکا ! دەیەوی پێش بە روبار بگرێ؟ دایکە ئاو ! ئاو، کیژی ئاسمان! "

دار بەڕویەکی دیکە گوتی : لەم جیهانەدا ناجسن زۆرن. مەگەر کەممان دیون؟  ئەگەر ئاو نەبوایە ئەم بۆقانە ئێمەیان دەکردە کۆلکە دارێك..."

شێرەواقە بە پازدان خۆی گەیاندە  سیاکێوێکی زوخاڵڕەنگ، زۆر بە هەیبەت و خۆف! کفەڵ* وەکو بەردەپێ، پنۆك پنۆك ،  هەیکەل دزێو، خۆرەتاوی گەرم بە بانیەوە. کوورەی گەرمی خۆی نێڵ دابوو. مارمێلکەی بۆر ، ماری ئەستور و قوڵەی چاوسووری کلك تیژی چەشن قامچی لە نێویدا دەگەران. هیندێك لەوان لە بەردەم ئەشکەوتێك پاپۆکەیان خواردبۆوە. شێرەواقە بە ترسەوە لێی نزیك بۆوە و گوتی : بەرێز! ئەرێ، ملکوسی، رەشە دێو، شاخوای قات و قڕی لێرەیە؟"
مار وەکو بنیادەمی تریاکی کەڵەی وەکو کوتکی خۆی هەڵێنا و نیگای موغناتیسی و بێزهێنەری خۆی تێبڕی  و گوتی: پیرە بۆق! چۆن وێراوتە لە بەردەمی من قوت بییەوە؟ چما نازانی بەرگەی لرفێکی من ناگری؟

قورواق بە زەردەخەنە و ترس و لەرزێکەوە پێی گوت: سەرکار! من جاسوس و سیخوری تایبەتی پاشام و لەلای هەموو مارگەلی ئەم جیهانە ئەماننامەم هەیە دەنا من چ رایەم دەکەوێ بەرێزتان لە خەو هەستێنم؟ "
مار سەری کردەوە سەر لەشی پوڵەکەداری خۆی و گەڕایەوە نێو چۆرت لێدانەکەی و بە بێوازییەوە گوتی: " ئەری ئێرەیە، وەژوورکەوە!"

شێرەواقە عابای قەوزەیی رەنگی خۆی بەسەر گڵی نەرم و داغ دا کێشا و تاجی قوڕو لیتەی ئابنوسیی کە گەرما هەڵیقرچاندبوو بەتیلاگی سەریەوە رێك وپێک کرد و لە ئەشکەوت وەژوور کەوت.

بە بان جێخەوێکی ئاڵتونڕەنگەوە بوونەوەرێکی وەکو بزنۆکەی شاخداری دوو دان چەرمووی نووك تیژی چەشن درێشووکەی وەکوو گڕی زەرد، پاڵی دابۆوە و هانکەهانکی بوو . دوو چەکچەکی زل بە هەواوە بە بای باڵیان باوەشێنیان دەکرد. لەو غارەدا جیا لەو جانەوەرە چەپەڵانە کەسی دیکەی لێ نەبوو.

شێرەواقە کۆکەیەکی کرد و گوتی : " بمبورە ! گەورە دێو ! من شێرەواقەی جاسوسی تایبەتی قوڵکەی ژمارە یەکم، بابەتێکی گرینگم هەیە کە دەبێ بە پێشگای بەبەرەکەتی عالاحەزرەتی بگەیەنم."
دێو گوتی : بزنۆکە، بێپرس و جۆی بێکەم و زیاد بەو جۆرەی کە هەیە . باخڤێ!
شێرەواقە گۆتی: " جۆبارێکی زۆر توندو تۆڵ و چالاك لە کێوی زبرجدی رۆژهەڵاتەوە بە هەڵەداوان بەرەو رووبار دەچێ کە خۆی بگەیەنێتە دەریا. " کانیاوی رێنوێن " لە سەر رێ چاوەرووانە. ئەوانە دەیانەوێ دنیا لە ئاو پڕ کەن و هەموو بەردەڵانێك بکەنە چیمەن و مێشەڵان. پلانی ئەم ناجسنە راستەو خۆ دژی پاشای مەزنە. منی خۆبەختکەر بۆ خۆم دیومە و ئاگادارم. گیان لەسەر دەست بۆ نۆکەریی ئامادەم!"

کتوپر تووڕەیی ملکوسی تەقاندەوە. نەعرەتەی لێدا: " نەفامی بۆگەن ! هاتوی شکایەت لە ئێمە دەکەی : حەوت فرسەخ لەولای کانیاوی رێنوێنەوە زەلکاوێکی پان و بەرینە، هەزارانی وەکو تۆ لەوێ دەقیرێنن. برۆ لە لایەن ئێمەوە پێیان بڵێ رایوەستێنن، پەردەیەکی قەوزەی سێ توێ لەبەر دەمی بچنن. ئاو کە گەیشتە ئەوێ بە هێزدەبێ. لەبیرتان بێ کە پەردەکە بە قایمی بچنن. ئاو، کە وەستێندرا هەمووی بمژن یان لەگەڵ قوڕو چڵپاو لێکی دەن با هێزی بزووتنی نەمێنێ! دەی یاللا ماتڵ مەبە! "

---

گزنفون مێژوو نووسی یونانی لە بەشی دوازدەهەمی بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا " ( ئاناباز) سەبارەت بە پاشەکشەی ماندوویی هێنەری 16 مانگەی دەهەزار یۆنانی دا نوسیویە: " ئەوان کاتێ گەیشتنە دەریا لە شۆقی رزگاربوونیان هاواریان دەکرد " ثالاسا ثالاسا!" ( دەریا دەریا)ئەم هاوارە لەوەپاش بوو بە نیشانەی رزگاری و شادمانی.

ملکوس له کۆنینه کتێبی ئەوێستا دا دێوی قات و قڕی و ئیشکەسالییە کە بیچمی ئەسپێکی ڕەشە . بەڵام نووسەر بەمانای لاساریی هێناوە و پێوەندیی بە" ملکوس" ی ئەوێستاوە واتە دێوی ئیشکەساڵییەوە نییە. ( نووسەر )

شێرەواقە : قورواق، بۆق
سوبایی : مەلەکردن
کفەڵ : بۆش، نێو بەتاڵ
ژیکەڵەیل: کۆی ژیکەڵە بە زاراوەی خواروو
نماو : نمەئاو ، نم، تەرایی، نمە، دڵۆپە، دڵۆپە نم، شەونم